## بۆ سەرجەم ڕێكخراوە سیاسی و جەماوەری و كۆڕو كۆمەڵە جۆراوجۆرەكان لەهەر كوێیەك هەن ،
## بۆ ئەو كەسانەی كەبەرگری لەئازادی سیاسی و یەكسانی و پیشكەوتنی كومەڵگا دەكەن

بەدرێژای دەستەلأتی پارتی و یەكێتی خەڵكی كوردستان دەست و پەنجە نەرمدەكەن لەگەڵ گرانی بازاڕو بێ كاری و شەڕی نەگیرسی ناوخۆی هەردوو حیزبی ناوبراو ، وە لەهەموو ئەمانەش سەیرتر نەبوونی كارەباو و ئاو و سوتەمەنی بەبەردەوامی ئەو ماوە درێژە .

بۆیە لەئاكامی ئەو هەلومەرجە دژوارە و تەقینەوەی نارەزایەتی خەڵكی كوردستان لەرێگەی خۆپیشاندان و مانگرتن وەك ئامرازێكی سكۆلار بووە بەچەكی دەستی خەڵك بۆ باشتركردن و ناچاركردنی حكومەتی ( پارتی و یەكێتی ) بۆ دانانی بەربەستێك لەبەردەم بێدەربەستی هەردوو حیزبی ناوبراو سەبارەت بەو هەلومەرجە دژوارەی كە خەڵكیان بۆ ماوەی زیاتر لە 15 ساڵە دەرگیركردووە وەچەند رۆژێكە لە زۆربەی شارەكانی كوردستان خەلكی دەستیان داوەتە خۆپیشاندان .

كەچی لەبری وەلأم دانەوەی داخوازیەكانی خەڵك و باشتركردنی باری گوزەرانیان ، بەعس ئاسا گرتنی هەلسوراوانی نێو خۆپیشاندانەكان و ئەو كەسانەی كە نارەزایەتی دەردەبڕن لەلایەن پیاوانی ئاسایشەوە بووەتە دیاردەیەكی بەرچاو بۆ سەركوتكردنی خەڵك ، وە پەیوەندی دەستەلأتی هەردوو حیزبی ناوبراو و خەڵك هێندە ئاڵۆز بووە كە تەنانەت دەستی دەستەلأتی كوردی بەخوێنی خەڵكی ناڕازی كوردستان سوور بووە.

بۆ هەموو كەس ئاشكرایە كە خۆپیشاندەران و خەڵكی ئازادی خوازی كوردستان بەگشتی چی جۆرە داخوازیەكیان هەیە و بۆچی هاتونەتە سەرجادەو شەقامەكان ، بەلأم زۆر نامەسئولانە و وەك هەر دەستەلأتێكی سەركوتكەر لەرێگەی راگەیاندنەكانی هەردوو حیزبی دەستەلأتدارەوە خۆپیشاندەران بەگێرەشێوێن و ئاژاوەگێر لەقەڵەم دران، وەك بڵێی خەڵكانی نارازی كوردستان بەچەك و تەقە هەڵیان كوتابێتە سەر بارەگاو بنكەكانی حكومەتی هەرێم ، بەلأم خۆشبەختانە ئەمجارەیان بۆ خەڵكی ئاشكرا بوو كە كێ ئاژاوە گێر و نامەسئولە لەبەرامبەر خەڵكدا ، كێ وەك دەستەیەكی موشەخۆر بەسەر خەڵكەوە بۆ ماوەی پانزە ساڵە خەڵكی مۆڵداوە لەو هەلومەجە دژوارەدا.

بۆ خەڵكی ئاشكرا بوو كە دیموكراتی بوونی دەستەلأتی یەكێتی و پارتی بەكوشتن و دەستگیركردنی خەڵك لاپەڕەیەكی تری رەش كردەوە ، ڕوون بووەوە ئەو هەموو بانگەواز و هەراو هوریایەی كە لەكەناڵەكانەوە ئەو هێزە سەركوتكەرانە دەیانكرد سەبارەت بە علمانی كردنەوەی كومەڵگا و بنیاتنانی لەسەر پرەنسیپە دیموكراسیەكان لەلایەن هەردوو حیزبی ناسراوەوە لەئەزموونی چەند ساڵی رابردوویاندا و بەو هێرشانەی ئەم دوایانەشەوە ئەوەی تۆماركرد كە بەهیچ شێوەی ئەمانە تەحمولی دیمۆكراسی ناكەن وەتەنیا رێگە كەئەم دوو هێزە هەمیشە هەڵیانبژاردووە گرتن و دەستبردن بووە بۆ چەك لەبەرامبەر نەیارانیاندا .

لەپەیوەست بەهەموو ئەم ڕاستیانەوە و بۆ بەردەوام بوونی كارو ئامانجەكانی خۆپیشاندەران كە بێجگە لە داوای باشتركردنی بارو گوزەرانی خەڵك و پیادەكردنی مافی خۆپیشاندان و بەرقەرار بوونی ئازادی بێ قەیدو شەرتی سیاسی هێچی تر نەبووە ، داوا لەبەرێزتان دەكەین نامەی نارەزایەتی بۆ رێكخراوە جیهانیەكان بنێرن بۆ بەردانی دەست بەجێ و بێ هیچ قەیدو شەرتێكی گیراوەكانی خۆپیشاندانەكانی ئەم چەند رۆژەی كوردستان ، بەتایبەت ئەو كەسانەی كە لەخۆپیشاندانەكانی سلێمانی گیراون تاكو نووسینی ئەم بانەگەوازە چارەنووسیان دیار نیە .

**تێبینی :**

ناردنی فاكس بۆ ئۆفیسی ئەمنیستی ئەنتەرناسیۆناڵ و ئەو رێكخراوانە كاناو و ژمارە فاكسەكانیان لەخوارەوە ریزكراوە كاریگەری خۆی دەبێت بۆ بەردانی گیراوەكان ، بۆیە ئێمە بەتەنیا ئەم چەند ناوەمان لایە كە لەكاتی خۆپیشاندانەكەی سلێمانیدا گیراون جا بیجگە لەم ناوانە ئەگەر ئێوە ناوی كەسێكی تریش شك ئەبەن لەگەڵ فاكسەكانتانە لیستی بكەن و بینێرن .

**ناوی هەندێ لە گیراوەكان :**

1- عەلی مەولوود
2- نەوزاد بابان
3- كاژاو جەمال

4- پارێزەر بەختیار حەمە ئەمین
5- مەسعود محەمەد فاتیح
6- ئازاد عەلی

7- شۆخان ی هاوسەری ئەکرەم چاوشین
8- ڕێبوار ئازاد
9- ئاسۆ عوسمان
10- شازین هێرش
11- ستیڤان شەمزینانی
12- ئەکرەم چاو شین
13-رزگار عەزیز ( پۆلاٌ )
14- سەلام مارف

1- ژمارە فاکس و ئیمەیڵی ئەمنیستی ئەنتەرناسیۆناڵ : Email amnesty-eu@aieu.eu Fax- 32 2 502 56 86
2- ژمارە فاکس و ئیمەیڵی نەتەوە یەکگرتووەکان : Email tb-petitions@ohchr.org Fax- 41 22 917 9022
3- ژمارە فاکس و ئیمەیڵی ILO ریکخراوی کاری نێودەوڵەتی : Email- appl@ilo.org Fax- 41.22.799.6926
4- ژمارە فاکس و ئیمەیڵی ڕیکخراوی ماڤ مرۆڤ لە جنێف . Email hrwnyc@hrw.org Fax: 1-(212) 736-1300

یەکێتی کۆمۆنیستەکان لەعێراق
کۆمیتەی دەرەوە
2006-8-13